# پڕۆژەی حەزە ووردیلەییەکان......... 20



## سەرینەکەم ووتی .....!

### جەزا چنگیانی

دۆێنی شەو دوای تۆ یارەکەت شاباشی حەزی جەستەی تینوی لە چەند زەماوەندێکی خوا (دیسکۆ)دا زۆر بە هەرزان پەرشکرد نێرینەیەك نەبوو چەستەی نیوە ڕووتی ئەو بە سۆزەوە لە باوەشبگرێت .



ڕۆحی سەرینەکەم ووتی

لە دوای تۆ وە ئەو ئەودالْی جێگەی نووستنێکی وەکی ئەوەی تۆیە . چاوەڕوانی ماچ و تەکان و ئامێز و شیرئاوی ڕۆحێکی گەرمی چەشنی ئەوەی تۆیە . زۆر گەڕا دەستی نەکەوت ئێستا ئەو سەرسەریە و هەنگاوەکانی سنگی شەقامی نیڤسکی سان پیترسبۆرگی گرتووە . نێرینەیەك نیە چەستەی ئەو . بەر مووسەلاْنی ئەو . گۆپکە و لێووی ئەو بە ڕۆبلێك بکڕێت . ئەو لە زمانی

ڕۆمانسێتی تۆی نووسەر ناگات بۆیە دەبێ پێنوسی سەرسەرییەکان مێژووی حەزی ئەو بنووسنەوە خەفەت مەخۆ مەڵۆی حەزی ڕۆمانسیتی تۆ زۆر ئافرەتی تەنیایی کوردستان و ڕوسیا دەلاوێنێتەوە ڕۆحی نووسینەکانم ..... ووتی .

سان پیترسبۆرگ 21/07/2005

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de